Bundesamt für
Fremdenwesen
und Asyl

## زانیاری بۆ پەنابەران بەپێی مادەی (3) 29
## لە ڕێسای EURODACی 603/2013 (EU) لە ڕێکەوتی 26ی جوونی 2013

تۆ داوایەکت پێشکەش کردووە بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئاوستریا و لەبەر ئەمە بەپێی نۆرمە یاساییە پەیوەندیدارەکانی ئاوستریا (یەکێتیی ئەورووپا) پەنجەمۆری تۆ وەردەگیردرێت.
دەزگایەکی ڕێگەپێدراو لەلایەن نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران یان دەزگایەی ڕێگەپێدراوی ڕێکخراوی ئاسایشی گشتی ئەمە ئەنجام دەدات.

پەنجەمۆری تۆ لە سیستەمی EURODAC دا بەراورد دەکرێت لەگەڵ ئەو دەیتای پەنجەمۆرە کە بەپێی یاسا و ڕێسا پەیوەندیدارەکان گوازراوەتەوە بۆ سیستەمی ناوەندی، لەلایەن ولاتانی ئەندامی یەکیەتی ئەورووپیەوە و هەروەها نەوریژ، ئیسلەند، سویس و لیختنشتاین. ئەمە یارمەتی دەدات کە خیرا دیاری بکرێت کام وڵاتی ئەندام شیاوە کە کاروباری پەنابەریی تۆ جێبەجێ بکات ئەگەر تۆ پێشتر لە یەکێک لە ولاتانی ئەندامی ڕێکەوتنامەی دابلین دا مابیتەوە.

ئەو لایەنانەی کە دەیتای تۆیان بۆ دەنێردرێت، جگە لە بەرپرسانی ڕێپێدراوی پەنابەری و ئاسایش لە ئاوستریا، بریتین لە دەیتاگەی ناوەندیی سیستەمی EURODAC و، هەرکات پێویست بێت، ئەو ولاتانەی ئەندام کە لەوێ ماویتەوە.

ئەگەر لە ئاوستریا داوای پاراستنی نێودەوڵەتیت کردووە (و تەمەنت زۆرتر لە 14 ساڵە)، ئەوا بەپێی یاسای یەکێتیی ئەورووپا، ئاوستریا بەرپرسیارە کە بۆ ئەو مەبەستەی کە لەسەرەوە باس را، پەنجەمۆری تۆ وەربگرێت. تۆ بەپرسیاریت کە هاوکاری بکەیت.

تۆ مافت هەیە داوای زانیاری بکەیت سەبارەت بە ڕادە و سەرچاوەی ئەو دەیتای پەنجەمۆرە کە لە سیستەمی EURODAC دا تۆمار دەکرێت.
سەربارەی ئەمە، دەتوانیت داوای ڕاستکردنەوەی ئەو دەیتایە بکەیت کە هەڵەیە یان داوای سڕینەوەی ئەو دەیتایە بکەیت کە بەشێوەی نایاسایی تۆمار کراوە.
ئەگەر پێویستت بە وردەکاریی زۆرتر هەبوو، تکایە لە کاتی گونجاو پرسیار بکە لە یەکێک لە کارمەندانی نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران یان ڕێکخراوی ئاسایشی گشتی کە داواکەی تۆ لێک دەداتەوە. تۆ وەکوو پەنابەرێک دەتوانیت داوای یارمەتی بکەیت لە ڕاوێژکارانی یاسایی ئامادەبوو لە بنکەی پەیوەندیداری نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران و هەروەها ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی پەیوەندیدار لە ناوچەکە.